# بنه ماكانی ستەمكاری

**سەعدوللآبرایم خان**

بنەماكانی ستەمكاری یاخود تۆتالیتاری فرەرەهەندە ،بۆ خوێندنە وەو بەدواداچونی رەنگە پێویستی بەرۆچون و قوولبونەوە هەبێت . بۆ تێزو چەمكە هەمە چەشنەكان . گەلێك تێروانین هەن لەمەڕ دەرهاوێشتەی تۆتالیتاریەت . یاخود ستەمكاری ، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێ بكەم ، دۆزینەوەی ئەو تۆرە فراوانەیە كە بەدرێژایی مێژوو گروپێك ،یاخود مرۆڤێكی لاسار بەرهەمدەهێنێت و دواتر دەكەوێتە وێزەی مرۆڤەكان . بۆ هەر سەردەمێكیش ئاید یایەك بۆتە تاكە شەرعیەتی پراكتیزەكردنی هزری توندوتیژی ، واتە لە قۆناغی تیۆلۆژیەوە تاكو قۆناغی مۆدۆرنێتە ، لەهەر سیاقێكی زەمەنیدا بەجۆرێك لە جۆرەكان لە فۆرمێكی تازەدا تەئویلكراوەتەوە ،ئەمەش هەر كۆمەلێك لەسەر ناوەرۆكی كەلەپورەكەی ئەم سیستەمە بونیات دەنێت .بۆیە هەر باسكردنێك لەستەمكاری ،یاخود تۆتالیتاری ، بەبێ باسكردن و شرۆڤەكردنی باكگراوندی مێژوویی ئەو كۆمەلْیە ،ناتوانین ئەنجامێك بخەینە بەر دەست , رونتر بلێن پێویستە لەجۆرو ڕایەلی پێوەند یە كۆمەلایەتیكانی ئەم كۆمەلگایە بگەین بزانین گەشەكردنی پەیوەند یە كۆمەلآیەتیەكان و پنتەكان و بەرمەبنای ئەم كۆمەلگایە لە چ ئاستێك دایە بەمەش دەگەینە ئەم ئامانجەی كە كێڕڤی ژیاری ئەم كۆمەلگایە دەست نیشان بكەین چونكە گەشە كرد نی كومەل ڕاستەوخۆ پەیوەند ییّكی لەیەكتری نەبراوەی هەیە , جۆری پەیوەند یە كۆمەلایەتیەكانی هەر كۆمەلێك سیستەمە سیاسیەكەی لەسەر پنتەكانی كۆنەستی ئەم كۆمەلەوە بنیات دەنرێت بەد یوەكەی تردا تێگەیشتنی كۆمەل لەتۆڕی پەیوەند یەكان ئاستی ژیاری پێوەند یەكان دەبنە بنەماو سترەكتۆری سیستەمی سیاسی هەر ولاتێك . لە هەمان كاتدا پەیوەند یە كومەلآیەتیەكان لەسەر ئاستی ووشیاری تاكەكان بنیات دەنرێتن . تا چەند شێوازو مۆدیلی ئەم پەیوەند یە عەقلانی و لۆژیكی تر بێت لە بەرامبەردا هێندە ئاستی پێوەند یەكان نزیك دەبنەوە لە بنیاتنانی كۆمەڵی مەدەنی واتە دەبێت لێرەدا بچینەوە بۆ بچوك ترین یەكەی كۆمەڵ بچوكتریەكەی كۆمەلێش بریتیە لە خود , ئالۆزی پەیوەند یەكان لە تاكەوە دەست پێ دەكەن تاك تا كوێ ئازادە لە پەیوەندی گرتندا ئازادی ئەم مرۆڤە یاخود ئازاد نەبوونی بەهەر دوو دیوی سلبی و ئیجابی ئاستی ژیاری پەیوەند یە كۆمەلآیەتیەكان دیاری دەكات وە پێوەری سەرەكی ئازاد بوونی ئەم مرۆڤەیە ئایا ئەم ئینسانە لە جوهەردا واتە لەناخدا ئامادەیی هەیە مەبەستمانە بلێین ئینسانی ناو خودی خۆیەتی یان دەرەوەی خۆیەتی یاخود تێروانینی ئەو بۆ ژیان و جیهان و دیاردەكان تێروانینێكی سەرەوەری عەقلیانەی ئینسانی بوونی ئەكتیڤە ؟ كە دەلێم ئەم ئینسانە لە جەوهەردا ئامادەیی هەیە یاخود نا . مەبەستمە بلێم توانیویەتی لە دە روونی خۆیدا زاڵ بێت بەسەر مەیلی حەز كردن بە دلْنیایی و ترسنۆكی دا ،ئێمە لەسەرەتادا باسمان كرد كە ئینسان ئەگەر لە رەفتاردا محكوم نەبێت بە عەقلی و راڤەی جیهان و دیاردەكانی نەكردبێت دەكەوێتە تۆرێكی ترسناكی قەدەر گەرایی ، هەر تێرونینێكی ئەو تێروانینێك دەبێت لەدەرەوەی خودی خۆیەوە . واتە دەبێتە سەربازی ئەو دیوی حەزەكانی دەچێتە ژێر هەژموونی كۆمەلێك گریمانە جا لە هەر قۆناغێك بە شێوەیەك بۆ نمونە لە قۆناغی موعتەقەداتدا دەچێتە ژێر دەقە ئەفسانەیەكان و ئایەت و حەدیس دەبێتە مرۆڤێكی مل كەچ لە بەرامبەر جیهان و دیاردەكان ئەو ئینسانە لەبەر ئەوەی تووشی هەرەسی رۆحی بووە ناتوانێت هەلبستێت بە وەزیفەی مانا بەخشین بەلكو خۆی وەك كائینێكی ﴿ پێكراو مجرد ﴾ و بەردەستەكی بەرێورەسم و سرووتی كەلتووری پراكتیزە دەكات . واتە ئەو مەحكومە بەو فەزا عەقلیەی ئەو ئینسانەی كە ئەو ئاراستە دەكات لێرەدا ئەو ئینسانە لە دەرونێكی ساغلەمەوە بونیاتی پێوەند یەكان داناكوتێت بەلكو لەدەرەوەی عەقلّی ئەوەوە پێوەند یەكان جێ بەجێ دەبن ئەم ئینسانە لە غیابی عەقلەوە تەماس دەگرێت . خەیاڵ دانی ئەو وەك بیابانێكی چۆلەوانی وایە بۆشاییەكی فراوان لە زیهنەتی ئەو دا هەیە كە نەتوانراوە بە مەعریفە پر بكرێتەوە . ژیانی ئەو بریتی یە لە بۆشاییێكی فراوان . ترسناكترین شت بۆشاییی بوونی ئینسانە ئەم بۆشاییە دەبێتە داینەمۆی بەرهەمهێنە ری ستەمكاری واتە وەك وەر شەیەكی زەبەلاح وایە بۆ بەرهەم هێنانی مێگەل ، مادامەكی ئەم ئینسانە خاڵیە لە تێڕوانین هەژارە لە بواری مەعریفی پێویستی بە كائینێكی باڵا ﴿ trandtsteal / متعالی ﴾ هەیە بۆ بەرێكردنی ژیانی رۆژانەی ئەو ئینسانە لە رەوشێكی وادا لە غیابی عەقڵەوە هەموو ئاماژەكان كە وەریدەگرێت بەو فللتەرەوە رەتنابێت كە ئینسانێكی ئیرادەگەرە هەیەتی ڕاستەوخۆ لە غیابی ئەم فللتەرەوە ئینسانەكە ئاراستە دەكرێت وەك گوتمان دەبێتە سەربازی ئەو دیووی بەرژەوەند یەكانی خۆی ئەجندای سیاسی ئەوانی تر جێ بەجێ دەكات , ئەگەر پشت بەهەندێك تێروانینی رۆسۆ ببەستین دەتوانین بۆشایی بوونی ئینسان دەست نیشان بكەین .

**یەكەمیان** .... ئەوانەی نایانەوێت بەرپرسیارەتی نیشتمان و ئینسانەكانی تر تەنانەت خۆشیان لە ئەستۆ بگرن . تەنها دەیانەوێت بە نایفی واتە سادە بژین و دوور لە ململانێو داهێنان چونكە ململانێ و داهێنان باجی دەوێت و بگرە شەرێكی سەختی بەردەوامیشی پێویستە ئەو شەرەش دەبێت لە تێكشكاندنی یەكەم سەنگەرەوە دەست پێ بكات كە خوودی دەروونی مرۆڤ خۆیەتی واتە تێكشكاندنی ئەم دوو دلْنیایەوە . ئەم حەز كردنە بە مەیلی ترسنۆكیە یە یە. ئەو ئینسانانەی ئاماژەمان پێكردن كەمترین ئامادەییان تێدا نییە ئەم شەرە ئەنجام بدەن . ئەوو

بە پێی ئەو تێگەیشتنە ئیفلیجیەی خۆیەوە لە شەرەکەدا براوەیە کە بیر لە گۆرانکاری و تێك شکاندنی بازنەکان و کێبرکێ ناکاتەوە و پێ ی وایە لە برِی ئەو مرۆڤ گەلێك هەن ئامادەی قوربانی دانن لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات و گۆرانکاری و داهێنان واتە ئەم ئینسانە بە هیچ شێوەیەك توانای یاخود بلێین ئامادەیی قوربانی دانی نییە لە پێناو گۆرانکاری .

**دووەمیان**.... شەپۆلێکی تر هەن واز لە سەربەخۆی و ئازادی خۆیان دەهێنن بە پێچەوانەی یاسای سروشتی کە لە وێدا مرۆڤ بەتەواوی ئازادییەکان لەدایك دەبێ ئەم یاسا شکاندنە لەئەنجامی لەدەست دانی پێدراوەکانە ژیانیانەوە لە نەتوانینی بەرێوەبردنی خۆیانەوە گەران بەدوای شەریکی باڵا روون تر بلێین ئینسانی سەردار، چونکە ئەم ئینسانە لەدەرەوەی جەوهەری ئینسانی بوونەوە دایە لە ئەنجامی شکست هێنانی لە بەرامبەر جیهان و دیاردەکان چاوەروانی ئینسانێکی باڵا دەکات کە سرووت و مانا بە ژیانی ئەو ببەخشێت .

**سێیەمیان** .... خەڵکانێکی تر هەن لە ناخدا چێژ لە ئا زاردانی مرۆڤێکی تر دەبینن نەشوە لە دیمەنی تراژیدیا وەردەگرن بەڵام ئەوان نایانەوێت خۆیان بچنە لوتکەی دەسەڵات و ببن بە مەرجەع بەڵکو ئەوان دەیانەوێت ئینسانێکی تر بەشێوەیەکی شاقۆلی واتە لە لوتکەوە لە برِی ئەوان بیر بکاتەوە ، لەلوتکەوە بۆ کاری سادی و بزێو ئاراستە بکرێن ئەم ئینسانانە دەکرێت بەیەکەیەکی بچوکی ستەمکاری دەست نیشان بکرێت کۆی ئەم یەکە بچوکانەش بەرهەمهێنەری ستەمکارێکی گەورە دەبن ئەگەر ستەمکار بەشاخێك وێنا بکەین ئەوە ئەم یەکە بچوکانەش بەگردۆڵکەی بن ئەم شاخە دەست نیشان دەکرێن واتە دەبنە کۆڵەکەو ستەمکار پنتەکانی لەسەر دادەمەزرێنێت ئەم سێ شەپۆڵەی یەکەم و دووەم و سێ یەم هەڵ دەستن بە پرۆسەی خۆ بەدەستەوە دان لە ئەنجامدا گروپی چووارەم بەرهەم دەهێنرێت سێ گرووپەکە ﴿یەکەم و دووەم و سێ یەم﴾ دەبن بە گرووپی بنکەو گرووپی چوارەمیش دەبێت بەگرووپی لووتکە .لە ئەنجامی کارلێکی ئەو پەیووەند یە ئاڵۆزانەدا فەزاییێکی دژوار بەرهەم دەهێنێت توێژێك کە کەمترینیانە زۆرترین سەروەت و سامانی نەتەوەیی دەکەو ێتە بەردەست توێژەکەی تر کە بنکەیە زۆرترین نفوس و کەمترین مافی سەرەتایی لە دەست دەدات واتە توێژی ناوەند لە بار دەبرێت لە فەزاییێکی لەم چەشنەشدا پرۆسەی کێش کردن دەست پێ دەکات کە کۆمەڵ کێش دەکرێت بۆ گرووپ بەندی و ئامادە دەکرێت بۆ ئاراستە کردن و تەجنید کردن . بنەماکانی مەعریفیش بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی مێژووی غروری و ئەفراندن و یاری کردن بە خەیاڵدانی کۆمەڵ و رەهەندەکانی وەزیفەی مانا بەخشین دەبێتە داینەمۆی بەرێوەبردنی کۆمەڵ کە خەسڵەتێکی تیۆلۆژییە لێرەدا دەسەلاٌت وەك کائینێکی بالاٌ لەسەر میزاجی گوتاری باو مانا و فۆرم ومەعقولیەت بەژیان دەبەخشێت واتە بەرمە بنای ئە م سی گروپە بوو کە بوو بە کەرستە ی خاو بوکارلێکردن لەسەر میزاجی تراندیستال (المتعالى) کومەل دەبیتە بەرجەستەیەکی کارلیکراو نەك پیچەوانەکەی کارلیکەر .

ئەم وەزیفەیە دەداتەوە بە لووتکەی دەسەلاٌ ت کە کاریزمایە .یاخودئایدولوژی ...هتد .کەماناو فورم بۆژیان دیاری دەکات سنورەکانی ژیان لەسەر میزاجی دەستەی بالاٌ وەك تابلۆیێك نەخش دە کرێت . ئەوەی دەسەلاٌ تیش سنوری بودەکێشێت و پۆلینی دەکات . دەبێت بە هەقیقەتێکی رِەهاو دەرچون لەتێکستی ئەم هەقیقە تە بەئیرتیداد دەست نیشان دەکریت . بەرێوەبردن و کونترۆڵکردنی کومەل باسوۆرتەکەی لەلایەن یەك ئینسانەوەیە . واتە لەناو زهنی ئینسانێك پێوانەی ئازادیە کان وخواستە دەرونیە کان دەخاتە ناو یەکە کانی ژیانی رِۆژانە .واتە روحی خواستەکان لەلایەن یەك ئینسانەوە پۆلین دەکرێت .پروسەی ئەلقە بەندی کویلە لەخوارەوە بوسەرەوە .دانانی پلەی کویلایەتی کوییلە کوییلە ی کوییلە دەبێت .تاکو دەگاتە سەرداری کوییلە کان .لیرەدا ئینسانێك نەهاتوە بەتەنها داوای دەسە لا تێکی رِەها بکات .بەڵکو ئەوە کومەڵە رێگا خوشدەکات وئەو ئینسانەش دەرهاوێشتە ی کومەڵە .کەواتە ناکرێت بلێین ئەو ئینسانە ستە مکارە یاخود ئەم گروپە .بەڵکو ئەوە کومەڵە خواست وخولیای ستەمکاری وناوەند گەراییی وعاشقی ئینسانی فریاد رەسە باشترین نموونە گورەپانی ئیستای عیراقە کەلەدوای نەمانی صدام تاکوئێستا ئاید یای ستەمکاریو عەقڵیەتی بەربەری لەناو زهنیەتی زۆرینەی عێراقیە کان ئامادەیی هەیە .بەکومەڵی کوردیشەوە .ئەوەی ئێستا لە عیراق ئەنجام دەدرێت ئەو بارستاییە زورەییە کە لەعەقڵیەتی تاکەکانی عیراق تەراکومی کردوە بەدرێژاییی مێژوو نە یتوانیوە چارەسەری بکات ئەوە شەرِی مێژوە یەخەی گەلانی عیراقی گرتوە کەچەند برینێکی ئەنارسیسیانەی کردوتە جەستەیەوە میژوو دەرفەتی نەداوە کە کودەتایەك بەسە ر .ئەو عەقلیەتە ژەنگ هەلاٌتوەدابکات سەروەری عەقڵی بەدەست بهینیتەوە ئەوە کۆمەڵە سەرلەنوێ خولیای سنوردارکردنەوەی ژیانە دەیەوێت هەموو ئەرك وفەرمانرِەواییی بداتەوە کەسی سەرکردە و کاریزما ئەم جۆرە کومەڵە .کەسی سەرکردە دەخەنە بەر رِەوشێکی فرەئاڵۆز .کەدەیانەوێت کۆی ژیان یەکسان بکەنەوە بەکە سی سەرکردە هەموو دامودەزگای حکو ومی لەسەرلەپی سەرکردەدابنێن سەرکردەش ناتوانێ بەبێ مستێکی ئاسنین لەگەڵ ئەم جۆرە کومەڵە هە ڵبکات .وەك (نیتچە) دەڵێت گەلەی عەوام یاخود ئینسانە دۆرِاوەکان کە کراوە دەبن بۆکارلە سەرکردن بەویستی لووتکە ی دەسەڵات . دەتوانین رەوشێکی لەم چەشنە بەم شێوەیە وێنابکەین کەکۆمەل بەگشتی بخرێتە ناو کەشتییێك و شوفێری کەشتیەکەش کەسی سەرکردە بێت ئە م کەشتیەش نغروی بی دەنگی دەبێت .دەچیتە باوەشی قەدە رەوە ئە م جۆرە کومەلا نە بەختە وەری لەبێ دەنگی وێنادەکەن لە بەرامبەریشدا کەسی سەرکردە وەك ووتمان یەکەم جەنگی نەبردۆتەوە واتە زاڵ نە بووە بەسەر حەزو ئارەزووەکان ئەویش کۆییلە ی حەزو ئارەزووەکانی خۆیەتی لەکۆتاییدا ئەویش ئینسانییێکی کۆییلە یە .لەفەزاییێکی لەم چە شنەدا ئەوەی وولاٌت بەرێوەدەبات عەقڵ ومە نتق نیە .

شرۆڤە نیە .عەقڵیە تی خولڤاندن و تێپەراندن نیە .بەلکو ئەوە غەریزەو ئارەزوە لەغیابی عەقلگەراییی , لەویدا عە قلّ مەحکوومە بە سێکس وساددیە ت بەپالدانەوە لەسەر رابردوو بە عەقڵییە تی شەمپازی ...هتد لەسەر حسابی ئەوانیتر لەوێدا کۆی وولآت بە هەموو دام و دەزگاکانیەوە لە پێناوی یەك ئینساندا ژیان بەسەر دەبات .واتە ژیانی هەموان لەپێناو سەرکردەو سەرکردەش لەپێناو حەزو ئارەزوە ناپێوستەکان , وەك ئەو هەلهە لە سیاسیەی ئێستای ڕژێمە کانی ڕۆژهەلاّ ت .مادامەکێ کۆی وولآت لەفەزاییێکی نائەقلانی لەم چەشنەدا ژیان بەسەر دەبات . هەریەکەو کۆییلە ی ئەویتردەبێت تاکو دواکۆییلە کە سەرکردەیە لەم وولآتەدا هیچ ئینسانێك ئازاد نیە .بەد یوەکەی تردا دەسەلآتی ئەقلّ لەباربراوەو سیستمی وولآت بەم شێوەیە دەبێت. ⋆ شتێك نابێت بەنای لەیەکتری جیاکردنەوەی دەسەلآتەکان .وەك یاسادانان ,جی بەجی کردن ,داد, هەرسێکیان دەکەونە ناولەپی یەك ئینسانەوە کەسەرکردەیە هەرکاتێکیش ووتەکانی سەرکردە ومیزاجی سەرکردە دەبنە بنەمای شەرعی بەریوەبردنی وولآت , ناتوانرێت هەژموونی دەسەلآتێك ئەگەر ناکۆك وناجوور بوو لەگەل هەل ومەرج ڕاگیربکرێت چونکە تەنها بەدەسەلآت دەتوانرێت ریگا لەدەسەلآت بگیرێت ,وەك مونتیسکو باسی دەکات بەهەلوەشاندنەوەی ئەم سی یاسایەش یەك یاسادەمێنێتەوە کە یاسای قەدەرە ئەم سێ بنەمایانە جێگیردەبن ,یەکەم , سیستمی ریژەی نەگورو گوراو (الپوابت والمتغیرات) .ئەوانەی نەگورن (الپوابت )کەسی سەرکردە رێژەیەکی نەگۆرەو لە خوارئەوەوە هەمووشتێك قابلی گوڕانە ,بەلاّم لەسەرمیزاجی فەرمان ڕەوا ,وەك لەناو تێکستی ئایینە کاندا نەگوروگوراو (الُوابت والمتغیرات )هەیە .نەگورلەتێکستی ئایینەکاندا بروابوونە بەخودا وفریشتەو کتێب وپێغە مبەرو سروش ودواروژ.گوراویش بریتی یە لەکۆمەلیك تشریعات وفەتوای کاروباری ئیداری .واتە لەم وولآتەدا هەموو شتێك قابیلی قسە لە سەرکردن دەبێت .سەرکردە وەە ڕەمی دەسەلآت ریژەیەکی نەگۆرەو ناکرێت باسی لێوەبکرێت..کە سی سەرکردە نوێنەرایەتی خودا دەکات لەسەرزەوی وهەقیقەتێکی ڕەهاو ستاندەر دەبێت چۆن ئینسان لەگەلّ یاسای سروشتی خۆی دە نگونجێنێت بەم شێوەیەش لەگەلّ میزاجەکانی سەرکردە دە نگونجێت ,دووەم, پەیرەوکردنی پرۆسەی ,لیرەدا رووکنەکانی ژیان لەسەر ترس بوونیاد دە ندرێت .لەم پرۆسەیە شدا یەکیەتی تاکەکان لەبار دەبرێت ڕق و کینە جێگای فەزیلەت وخوشەویستی دەگرێتەوە ,ئەم ڕق و کینەیەش ئاراستەکەی بەرەوسەرو نیە هیندەی خودبەخودی تاکەکانە چونکە وەك ووتمان سەرکردەو فەرمانرەوا لەناو ئەم جورە کۆمەلگایانەدا ریژەیەکی نەگەرەو ناکرێت .بیرلەشتێکی لەم بابەتە بکردرێتەوە کەلەبەرامبەر لووتکە هەلوێستێك بنوێنرێت رێرەوی ناکۆکیەکان لەوەرچرخان وشورش وگوڕانکاریەوە دەگوازرێتەوە بۆچاوچنۆکی وجاسوسی ویەکترقبول نەکردن لەناو توێژەکانی بنکە دا وەك سوکرات ووتەنی لەبری پروژەی گەورەو داهێنانی گەورە وئایندە بینی ووەرچە رخان وهەلّوەشانەوەی گووتاری باو.وەکارکردن بۆکارە پێویست ومێژوویەکان ئارەزو ەناپیوستەکان تێردەکەن و ئارەزوە پێویستەکان هامش دەکەن یاخود هەرقسە ی لەبارەبوە ناکەن کۆمەلّ لەبەر بارستاییی و(نایبفی) خۆیەوە ئەوئارەزوانە تیر دەکەن کەلەبەرژەوەندی کشتی دانیە .بەپێچەوانەوە .ئەوئارە زوانەی لە بەرژەوەندی گشتی بەکۆلیك تیفی دەکرین تیرناکرین . ئەو ئارەزوە پێویستانەی وەك ئازادی .سەربەستی .هەست کردن بەهەبوونی (خود).یاخی بوون نامینیت . ئەمەش رەنگە برێکی پەیوەست بێت بەپەی نەبردن بەوچەمکانەوە .رەنگە هەش بێت بگرە زورینەش حەزیان لەداد پەروەری نەبێت .بەلّکۆ لەبری ئەو ئەوان تامەزرۆی ژیانی پاشاگەردانی و ستەمکاری بن .بگرە چێژیشی لێ وەربگرن ,واتە بەهە ر دوو دیوەکەدا گورەپانەکە چولّ دەکرێت بۆکەسی سەرکردە چە ك وتفاقی کەسی سەرکردەش لەم گورەپانەدا ئارەزوە ناپێوستەکانن ,ئەوەی لە فەزایەدا نمایش دەکرێت سی خەسلەتن.خەسڵەتی یەکەمیان . ئارەزوەناپێویست وپولین نەکراوەکان ,کەئەمە وەك ئەکتەرێکی سەرەکی دەوردەبینێت ,چونکە کۆی پەیوەندیە کان لەریورەسم ومودیلی ژیان لەپیناو ئەوئارەزوە سەیروسەمەرانەدا پەیرەودەکرێت ,هەریاسایەك .یاخود رێسایەك .سەرکردە لەسەر میزاجی خۆی ولەژێرهەژموونی ئارەزوەاکانید پەیوەندیەکانی رێك دەخرێت ,لەوفەزایەدا کۆمەل لەسەرریتمی بەمیتود بوون وبەزانست بوون لا دەدات هەرچی زانستە کومەلایە تیەکان وبنەمامەعریفیەکانن توزقالێك بارستاییی دانانیت لەناو کومەلّدا ,چونکە وەك ووتمان ئارەزوەکان پۆلین نە کراون هونەری ئارەزوەکان کەمترین ئامادەییی نیە چونکە ئازادی ئینسان پێویستە لە راگرتنی بلانسەوە هەنگاوبنێت رێزلەئازادی ئینسانی بەرامبەر بگریت چونکەئازادی ئینسانێك تائەو شوینە بردەکات تاوەکوئازادی ئینسانێکی تر دەست پێ دەکات ...خەسلەتی دووەمیان, ئەم خەسلەتە وەك دەرهێنەرو جوانکاریو ئارایشتی ئەم ئارەزوەناپیوستیانە دەکات ئەمە زیاتر روشنبیرو ئەدیبان دەگریتەوە .کەووتەکانی سەرکردە دەهوننە وە لەوشوینەی گووتاری باو دەرگێردەبێت لەگەل ستراکتوری کومەلگا ئەوان لەریگای تیولوژییەوە یاخود ئایدولوژییەوە هەلدە ستن بەداتاشینی شەرعیەتدان بە ریورسم وکردەوە ناداد پەروەریەکانی گووتاری باو .بۆهەرووشەییەك .سیاقکی مێژوویی .میتودێکی موزەییەف دادەتاشن .روحی بزووتنەوەکان وگرووپی فشار دەکوژن کەبەرەو سەرهەلدان وبوونیادنان بیت .وەك یاریکەریك لە نیوان خەیالدانی سیاسی سەرکردەو گەلدا یاری دەکەن یاخود کێرفی نێوان ئاستی تێگەیشتنی هەرەم وبنکە رادەگرن لەبەرژەوەندی گووتاری باو دا .دیارە ئەوە هەمووروشنبیرێك ناگرێتە بەلاّم کەمن ئەوانەی رێگای یاخی بوون دە گرنەبەر وهەلگری گووتاری بوونیادنان ومەعریفەی تازەن .ئەم بەناو روشنبیرانە لە سەرئە مجادو کاویژکردنەوە ی سرووتە سواوەکان ژیان بەسەردەبن .یاخود ئەگەرلەدەرەوی روشنبیری دەسەلات گووتارێك ی هە بێت بۆ وەرچەرخان وگۆرانکاری ئەوە گووتارێکی زورشەرمن دەبێت وەك ئەو گووتارە عەرەبیەی ئیستا هەیە لەسەردە ستی ئارگون

وجابری و بورهان غلیون و...هتد كه ئیستا پاشه كشه یەكی تەواوی پێوەدیاره لەژێر هەژموونی ئیسلامیەكان ورژیمه داخراوەكان .واته ئەم خەسلته پاسیڤه راستەو خو لەزیادكردنی شەرعیەتدایه بومانەوەی رژیمی ئیستبدادی كونسەرڤه تیڤ .كۆمەڵی كوردیش بەده رنیه لەم روشنبیره موزەییەفانه .كەنەك هه رخویان هەزمی سیسته مگەلێكی شمولی وتاكرەوانه دەكەن ,بگره لەهەولی داتاشینی كردەوه دزێوەكایشیدان وبەردەوام دەبنه لەمپەرێك لەبەردەم گورانكاریەو وەرچەرخان .

**خەسڵەتی سێیەم**:ئەمەیان تەماشاكەرو چەپڵە لێدەره بۆ هەموو دیمەنێك چی ئەوانەی تراژیدیای ئەوانەشی كه كۆمیدین واته خەسڵەتی یەكەم كەسی سەركردەیه كه به ئارەزووی خۆی وەك ئەكتەرێك دەور دەبینێتو ڕەبتی نمایشەكان بەپێی ئایدیای خۆی لەسەر پنتەكانی ئارەزوو ئاراسته دەكات،

خەسڵەتی دووەمیش ,ئەوانەن كه ناویان ناوه ڕۆشنبیر هەڵدەستن به بەخشینی ڕەوایەتی به دەسەلاتەكەو ئەجینده به ناو سیاسیەكەی، ئەم رۆشنبیریه لەسەر میزاجی سەركرده بونیادنراوه رێك نوێنەرایەتی خەیاڵدانی سەركرده دەكات به دیوەكەی تردا تابلۆی خەیاڵی كەسی سەركردەیه یاخود دەرهاوێشتەی فەنتازیای سەركردەیه كه ئەم رۆشنبیره پسپۆره له هەڵگرتنەوه ژیانی سەركردەو كێرڤەكانی ئارەزووه ناپێویستەكان لەگەل ناخی سەركردەدا به ناوەرۆكی ژیانو سەركردەدا به ناو ڕەوتی ژیانو كۆمەڵدا گەمه پێدەكات یا خود فۆرمەڵه دەكات، خەسڵەتی سێیەمیان ,كۆمەڵه به گشتی لێرۆەدا كۆمەڵ عیشقو ئەوینێكی گێلانەو پشت نەبەستوو به هیچ بنەمایەكی مرعریفی دەكەوێته تۆڕی خۆشەویستی دەسەڵاتی كاریزمەوه لەم ڕەوشەدا عیشقو فەناتیزم ئاوێتەی یەكتری دەكات چەپڵه بۆ ئەو نمایشه لێ دەدات به پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەم تۆڕه قەدەریەی لەگەڵ ڕەهەندەكاتنی سەركرده گرێی داوه به هەموشتێك پێدەكەنێو به هەمووشی دەگرییێت، لێرەدا بۆمان ڕوون بۆوه كه پردی نێوان هەرسێ خەسڵەتەكه عیشقو فەناتیزمو فەنتازیایه به ئاماده نەبوونی فەزای عەقڵیو سیستەمی هەڵوەشانەوەو زاوزێ نەكردنی ڕستەكان چونكه له جۆره كۆمەلانەدا ڕستەكان به نەزۆكی له دایك دەبن ئەوەی هەرەم دەری دەبرێت لەسەر بنكه پێویسته جێ بەجێی بكات بەبێ ئەوەی دوا قسەی خۆی هەبێت لێرەدا دوا قسه بۆ هەرەمه كەمترین پرۆسەی ئاڵوگۆڕی عەقڵی و دیالۆك له نێوان ڕستەكاندا نیه چونكه وەرچەرخانو گۆڕانكاری هەرلا كۆمەڵێك به زاوزێ كردنی ڕستەكانه واته له نێوان دوو ڕستەدا ڕستەیەكی جیاوازتر وەك چەمك فەراهەم دەبێت ئەم ڕستەیه دەبێته پێوەر بۆ گۆڕانكاری واته له دیالۆگو ئاڵو گۆڕی فكردا بونیادی سیستەمگەلێكی تێپەڕێنەر له ناو مەتنی ئەم دیالۆگەدا بەرهەم دەهێنێت بەلام ئەو كۆمەڵەوی كه ڕستەكانیان نەزۆكن وەك گۆمێكی مەند وان نموونەی ئەم كۆمەلانه زۆرن كه بەردەوام دەچنه ژێر باری هەلهەلەی سیاسیو ئەفراندنی سەركرده. لەم جۆره كۆمەلانەدا كۆمەڵ خۆی حەز له مانەوەی دەكات له چوارچێوەی (موسەییەر) دەكاتو نایەوێت له فەزای (موخەییەر)دا ژیان بەسەر بەرێت خۆی مەحكوم دەكات به ڕەوشێكی سیاسی یاخود تیۆلۆژی، لێرەوه بۆمان دەركەوت كه پەیوەندیەكان پەیوه ی نا ئاسایین ئەم پەیوەند یه نائاساییانەش ڕێڕەوی كۆمەڵ دیاری دەكەنو شوناسو ڕەنگ دانەوەیان دەرهاوێشتەی سەركردەی كاریزمایه حەز كردنه به تەسلیم بوونو چۆك دادانه لەبەردەم قەدەرو ئەو ئینسانەی كه (سیراتەلموستەقیم )دەڕوات جێگای متمانەو باوەڕه بۆ هەرەم دەتوانین بڵێین سەركرده ئیفرازاتی ناخی ئەو كۆمەڵەیه ئەوه كۆمەڵه گەرای دیكتاتۆریەت بەرهەم دێنێت، ئەو كۆمەڵەی بڕیار نادات وولاتەكەی له فەزیلەتدا بژیت واته بۆ بونیادنانی سیستەمێكی سیاسی هاوچەرخ لەسەر بنەماكانی داكوتینی یاخود جێگیر بوونی مرۆڤی پڕ له فەزیلەتو هەروەها ڕوكنەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی پێویستمان بەوه دەبێت له موتربه كردنی زیهنەكانەوه دەست پێ بكەین هەرگیز كۆمەڵ به گشتاندنو ڕێگادانی دەسەلات بۆ دیموكراسی كۆمەڵی مەدەنی دەستەبەر ناكرێت بەڵكو دەبێت له ڕێگای گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ فەزیلەتو تێگەیشتنی ئەو بۆ ژیانو جیهانو دیاردەكان سەرلەنوێ ئامادەكردنەوەی وەك مرۆڤو سەنگەر لێدان له بەرامبەر ئەو كەسانەی كه دەیانەوێت سەر لەنوێ جەهل **بەخش** بكەنەوه واته له مرۆڤ بوونەوه و مەعریفەو پێدراوی تازه لەبەرامبەر دەستەلات بوەستێتەوه.